دێمۆکراسی؛ رابردوو، ئێستە و داهاتوو

دێمۆکراسی لەلای زۆربەی دەسەڵاتداران ئەو دیاردەیەیە کە لە وڵاتەکەیاندا ئامادەیە، لە دنیای ئەمڕۆدا کەم دەسەڵاتی سیاسی ببێت کە خۆی بە خاوەن، یان لایەنگری دێمۆکراسی نەزانێ، ئەگەرچی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی وەک هەڵبژاردنی ئازاد، مافی هاوڵاتی و ئازادیی رادەربڕین و... دەتوانێ رەهەندێکی گرنگی دێمۆکراسیمان بۆ دەربخات، بەڵام دێمۆکراسی تەنیا بریتی نییە لەو تایبەتمەندییانە و گەڵێک رەهەندی وردتر و تایبەتمەندتریشی هەیە.
تێگەیشتن لە دێمۆکراسی وەک چەمکێک بە مێژووی خۆیەوە و هەروەها قسەکردن لە سیاسەتی دێمۆکراتیک و سیستەم و مودێل گەلی دێمۆکراسی، دەتوانێ هەندێ لایەنی ئەو بانگەشەیەمان بۆ روون بکاتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری کەس و دەسەڵاتداران سەبارەت بە دێمۆکراتبوونیان دەیکەن، لەم مێزگردەدا هەوڵدراوە لە سێ گۆشە نیگای جیاوازەوە لەسەر ئەو باسانە و هەندێ لایەنی دێمۆکراسی باس بکرێت و دێمۆکراسی وەک چەمک و بایەخیش بخرێتە بەرباس و قسەکردن.
بەشداربووانی ئەم مێزگردە بریتین لە:

١. هەندرێن؛ شاعیر و مەجستەری مێژووی هزر، زانکۆی سۆدەرتۆرن-ستۆکهۆڵم.
٢. شەماڵ کاوە؛ دوکتۆرای مێژووی هزر و مامۆستا لە زانستگەی ئوپسالا.
٣. ئیدریس ئەحمەدی؛ کاندیدای دوکتۆرای زانستی سیاسەت لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

■■■

هەندرێن

گوزارەی «تا رادەیەک دێمۆکراسی»، بە چەواشەکردنی دێمۆکراسی تەواو دەبێ، چونکوو ئەوە ئەو یارییەیە کە دەسەڵاتە نادێمۆکراسییەکان، کاری بۆ دەکەن، هەموو دەزانین ئەو رژێمە نادێمۆکراسیانەی لە سەرەتادا بە «تا رادەیەک دێمۆکراسی» دەستیان پێکرد دواجار بە «دیکتاتۆرییەتی رەها» گەیشتن

ئیدریس ئەحمەدی

ئەو مشتومڕانەی کە دەکرێن سەبارەت بە دێموکراسی، تێکەڵکردنی چەند شتێکە: تێکەڵکردنی چەمکی دێموکراسی لە گەڵ مۆدێلی دێموکراسی؛ تێکەڵکردنی مەبەستی دێموکراسی لە گەڵ ئاکامی سیاسەتی دێمۆکراتیک؛ تێکەڵکردنی تیۆری نۆرماتیڤ کە دەکرێ سەربەخۆ لە چەمکی دێموکراسی دەربڕدرێن

شەماڵ کاوە

دێمۆکراسی بەر لەوەی وەک شێوازێکی ژیانی سیاسی ببیندرێ، دەشێ وەک ئیدیاڵ و رەوتێک بۆ گەیشتن بە یەکسانیی مرۆڤەکان ببیندرێ. دێمۆکراسی بەو مانایە رەوتێکە کە هیچکات بەتەواوی بەدی نایەت، بەڵام دەکرێ هەوڵی نزیکبوونەوەی وەک ئایدیاڵێک بۆ بدرێ لەم روانگەوە دێمۆکراسی بریتییە لە یەکسانییەکی رادیکاڵ